# ساتێك لەگەڵ خانەوادەی ئەنفالكراوەكانی شارۆچكەی سەنگەسەر

ئا: فەرمان چۆمانی



سەنگەسەر ناحیەیەكی سەربەقەزای قەڵادزێیەو تەنیا لەو شارەدا كەمن توانیومە بەدواداچونی بۆبكەم نزیكەی ٢٥ئەنفال هەیەو تائێستاش حكومەت ئاوڕێكی لەو خاوەن ئەنفالانە نەداوەتەوە، كەسوكاری بەشێك لەو ئەنفالانە بۆ عەرعەر باس لەژیانی خۆیان دەكەن، گەر باس لەچیرۆكی ئەو ١٦ئەنفالە بكەین كە بەیەكجارو بەیەك شێوە لەلایەن یەكێك لەجاشەكانی ئەو ناوچەیە كە ناوی (برایم ئاغایە) دراونەتەدەست رژێمی بەعس.

بەپێی گوتەی زۆرێك لەكەسوكاری ئەو ١٦ كەسە دەڵێن" لەساڵی ١٩٨٨ كاتێك كەحكومەتی بەعس عەفوی دەركردوە ئەو پێشمەرگانەش ویستویانە بێنەوەو دواتر خێزانەكانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، بەڵام ئەو جاشە ئەو ١٦كەسەی تەسلیم بەرژێم كردوەو تائێستاش چارەنوسیان نادیارە"، ئەو ١٦ئەنفالانەی كەناوی هەندێكیان دەست ئێمەكەوتوون ئەمانەن "حمد ئەحمد خدر، حاجی سلێمان مینە، رسو سلێمان مینە، پیرۆت عولاّ شێخە، رسولّ عولاّشێخە، عولا ئەحمد شێخە، محمد رسولّ حمد، خدر نبی أحمد، عزیز نبی احمد، علی برایم رسول، ئەشرەف حەمە بایز، محمد عبداللّه علی" .

فاتمە رسول کەخێزانی (حمد ئەحمد خدرە)و مێردەکەی لەسالی ١٩٨٨ دەستگیر کراوەو ئەنفال کراوەو لەدوای خۆی کورو کچێکی بەناوی (هێمن و هەمین) جێهێشتوە ووتی" سالی ١٩٨٨ کەمێردەکەم پێشمەرگەبوو کاتێك عافوات درائەوانیش هاتنەوەحکومەت گرتوونی تائێستاش نادیارن، ژیانمان زۆرناخۆش بووو خانوویان لێ رووخاندینو ماڵیان تالآنکردینو ئێستاش ژیانمان هەرخراپە، کورەکەم تەمەنی یەك مانگ بوو و کچەکەشم ساڵێك بوو کەباوکیان دەستگیرکرا ئەوان تەنیا بەوێنە باوکی خۆیان دیتوە ئەگەرنا هیچ شتێك دەربارەی باوکیان نازانن" فاتمە دەربارەی ئەوەی کەچیان بۆکراوە ووتی" تائێستا جگە لەبڕێك موچە هیچی ترمان بۆنەکراوەو ژمارەیەکیشیان داوینێ بۆ وەرگرتنی زەوی ئەویش تائێستا هیچ دیارنییە بماندەنێو چەندین جاریش فۆرمان پرکردۆتەوەو داواکارم کەحکومەت قەرەبوومان بکاتەوەچونکە سەرو ماڵمان تێدارۆیشت". حاجی سلێمان مینەو رسو سلێمان مینە کەهەردووکیان بران‌و بەیەکەوەدەستگیرکراون‌و حاجی دوومنداڵی بەناوەکانی( سۆزان‌و سنور) لەدوای خۆی جێهێشتوون، رسوش پێنج منداڵی دوای خۆی جێهێشتوون، خێزانی ئەو دووئەنفالکراوانە کەناویان ( کەژاڵ محمودو ئایش نەبی) یە چیرۆکی گرتنی مێردەکەیان باس دەکەن‌و دەڵێن" ئەوان ١٦کەس بوون کە پێشمەرگەبوون دوای دەرچوونی عافوات دەیانویست بێنەوە بۆ شارو منداڵەکانیان ببەن لەگەڵ خۆیان‌و برایم ئاغا مەفرەزەی بۆدەرکردبوون‌و پێی گوتوبون کەدەبێ خۆتان تەسلیم بکەنەوە ئەگەر نا حکومەتان بەسەروەر دەکەم لەو کاتەوەتائێستا بێ چارەنوسن‌و شاهید هەیە کەئەنفالکراوەکان لەفرقەی چوارقورنەبوون‌و بەکەسێکیان گوتوە کەبرایم ئاغا ببێتە کەفیلمان بەردەبین بەڵام برایم ئاغا نەبۆتە کەفیلیان‌و خۆشی لەو کەسە توڕەکردوە کە ئەو هەواڵەی بۆ هێناوە".

ئەو دووئافرەتە دەڵێن" پارەیەکی زۆرمان رۆیشت بۆسۆراغ کردنی مێردەکانمان‌و تامنداڵەکانمان گەورەکردن سەدان کوێرەوەریمان دیت‌و هیچ ئیشێك نەما نەیکەین چونکە منداڵەکانمان هەموویان بچوك بوون‌و ژیانمان زۆرناخۆش بووو تائێستاش ژیانمان هەرناخۆشەو هیچمان بۆ نەکراوە جگە لەدابین کردنی موچە، بۆیەداواکارین کە قەرەبووبکرێینەوەو ئەنفالەکانمان وەك شەهید بۆحساب بکرێن چونکە ئەوان لەسەر کورد وایان بەسەرهاتووەو ئێستاش کەگۆڕێك هەڵدەکەندرێتەوە لای ئێمەجارێکی تر تازیەدەست پێدەکاتەوە" ئەو ئافرەتانە هێمایان بۆئەو سکالآیەش کرد کە لەدژی برایم

ئاغاو عەباس کردویانە، کەبەرواری (٥/١٠/٢٠٠٦) رۆژی دادبینیان بووە بەڵام کەسانی داوالێکراو ئامادەنەبوون لەدادبینیەکە"، ئایش کەدایکی (سنورو سۆزان) بوو ووتی" سۆزانی کچم تەمەنی ٧رۆژ بووو سنوریش تەمەنی ساڵێك بوو هیچ شتێك دەربارەی باوکیان نازانن و تەنیا بەوێنە باوکیان دیتوەو زۆر جار سۆزان دەڵێ: ئێستا بابم بێتەوەو لەرێگا بیبینم نایناسمەوە کەهەموو هیوایەتێکم بوو تەنیا بۆ چرکەیەکیش بێت باوکم ببینم". پیرۆت عەولا شێخەو رسو عەولا شێخە کە ئەوانیش دووبران بەیەکەوە لەلایەن حکومەت و لەگەڵ گروپی ١٦ هاورێ ئەنفالکراوەکەیان بەیەك رۆژ ئەنفال کراون و چیرۆکەکەیان وەك یەکە، ئامینە رسو حمدەمین کەخێزانی پیرۆت عولایەو خاوەنی ئەو سێ منداڵەیە کەبێ نازی باوکەئەنفالکراوەکەیان گەورەبوونە دەربارەی ژیانیان دەڵێت " منداڵەکانم بچوك بوون کە باوکیان گیراو ئەوان تەنیا بەوێنە باوکیان دەناسن و تائێستا هیچ شتێکمان بۆ نەکراوەو لەو کاتەوەی کەمێردەکەم دەستگیر کرا ژیانمان زۆرناخۆش بووەو ئێمە تاپرۆسەی ئازادی عێراق هەر بەهیوای گەڕانەوەی ئەوان بووین بەڵام بەرووخانی رژێم ئەو هیوایەمان چووە ژێرگڵ و نەهاتەدی و داواکارم کەقەرەبوومان بکەنەوە بەڵکو تۆزێك ژیانمان باش بێت چونکە تائێستاش وەك ئەنفال حساب بۆمێردەکەم نەکراوەو موچەی شەهیدی هاوڵاتی دەدرێتێ کەبڕی (٩٠هەزار)ە کەئەوەش تەنیا بەشی پێنج رۆژ ناکات بۆ کچەکەم کە لەپەیمانگا دەخوێنی لەشارۆچکەی دوکان و هیوادارم کەئاورێکمان لێبدرێتەوە".

پورەئایش دایکی محمد رسو حمدی ئەنفالکراوە کەئەو ژنە لەچاوەروانکردنی گەرانەوەی کورەکەی چاوێکی کوێربووەو ئێستاش پارەی نییە بچێت بۆلای دکتۆر، پور ئایش چیرۆکی گیرانی کورەکەی دەگێرێتەوەو دەڵێت" کورەکەم پێشمەرگەبوو لەگەل ١٦ هاورێی تری لەگەڵوی ماخۆمەزنان دەست گیرکران لەلایەن ئاغایەك و دواتر تەسلیم بەحکومەت کرانەوەو لەدوای خۆی دووکوری جێهێشتن محمد کە کورە بچوکەکەیەتی ئەو کاتەی کەباوکی ئەنفالکرا لەسکی دایکی دابووو ئێستا هیچ لەدەربارەی باوکیان نازانن" پور ئایش لەبارەی گوزەرانی ووتی" تائێستا هیچ شتێکمان بۆ نەکراوەو ژیانمان زۆرناخۆشە ئەو کاتەی کە کورەکەم دەستگیرکرا خانویان رووخاندین و ماڵیان تاڵان کردین و داواکارم کە قەرەبوومان بکەنەوە، من ئەوەندە چاوەروان بووم کەکورەکەم بگەرێتەوەئێستا چاوێکم کوێربووە و چاوەکەی تریشم کزبووەو لەبەرنەبوونی پارە

نەمتوانیوە بچم سەردانی دکتۆر بکەم". خدر نبی أحمد و عزیز نبی أحمد کەدووبرابوون وەك ئەوانی تر یەك چیرۆکیان هەیە، ئایش رسولْ خێزانی خدرەو ووتی" ئێمە تا رووخانی رژێم هەرچاوەروانی گەرانەویان بووین بەڵام بەرووخانی رژێم هیچ هیوایەکمان نەماو لەو کاتەوە کە هاوسەرەکەم دەستگیرکرا تائەمرۆش ژیانمان هەرناخۆشەو هیچ شتێکمان بۆ نەکراوە بۆیە داواکارم کەقەرەبوومان بکەنەوە، خدر نبی لەدوای خۆی چوارمنداڵی جێهێشتوەو ئەو منداڵانە هیچ شتێك دەربارەی باوکیان نازانن‌و منداڵە بچوکەکەی تەمەنی ٢٥رۆژبووە".

فاتمە ئبراهیم دایکی هەردووك ئەنفالکراوەکەیە کەپێشتر هێمامان بۆناوەکانیان کردووەو دەڵێت" ژیانمان زۆرناخۆشەو هیچ شتێك بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەکراوە" پورە فات ووتیشی" عەزیزی کورم خێزانی هەبوو کەخێزانەکەی ناوی ئامینە بوو، ١٣ساڵ چاوەروانی مێردەکەی کرد کە بگەرێتەوە بەڵام بێ سودبوو بۆیە بەناچاری دواتر شووی کردەوەو ئێستا من بەتەنیا دەژیم‌و هەموو کورەکانم بەسەر بەرزانە لەسەر کوردایەتی لەناو چوون بۆیە داواکارم کەحکومەت ئاورێك لەژیانمان بداتەوەو هیچ نەبێت خانوومان بۆدرووست بکات".

محمد عبداللە علی چارەنووسی لەگەڵ گروپی ١٦کەسەکەبوو، ئەو لەدوای خۆی سێ منداڵ بەجێدەهێلێت بەناوەکانی ( ئەحمەدو عبداللەو گەشاو) عبداللە هەرچاوەراون بوو کەباوکی ببینێت بەڵام چەند ساڵێك لەمەوبەر مەرگ رێگەی پێنەداو بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد ئێستاش لەگەرەکی رزگاری ناحیەی سەنگەسەر ( ئەحمەدو گەشاوی خوشکی) بەیەکەوە دور لەسۆزی باوك دایکیان دەژین، ئەحمەد لەدوا قۆناغی پەیمانگایەو گەشاویش خوێندکاری پۆلی سێهەمی ناوەندییە، گەشاو لەدوای باوکی لەدایك بووەو ئەحمەدیش تەمەنی تەنیا ساڵێك بووە کەباوکی ئەنفالکراوە، ئەحمەد دەڵێت" من‌و خوشکەکەم هیچ شتێك نازانین دەربارەی باوکمان ئەوەشی کەبیستومانە تەنیا پشتاو پشت خەڵك بۆیان گێراوینەتەوەو دەڵێت "باوکم چەندین جار خۆی شاردۆتەوە بەڵام دواجار دەستگیری دەکەن‌و ئەنفال دەکرێن، ئێمە تابلێی ژیانمان ناخۆشبوو چونکە کەسێك نەبووە هاوکاریمان بکات، عبداللە کەبەتەمەن بچوکتربوو لەمن بەرلەوەی بمرێت چەندین جار هەوڵی دا کەواز لەخوێندن بێنێت بۆئەوەی من‌و گەشاوی خوشکم درێژە بەخوێندن بدەین، ئێمەتاگەیشتینە ئەو قۆناغەی خوێندن هەزار

دەردەسەری‌و نەبوونیمان دیت" ئەحمەد نیگەرانە لەووتەی هەندی لەئاغاکان کەدەڵێن لەعەشیرەتی ئاکۆ کەسی ئەنفال نەکراوەو پێیوایە کەباوکی خۆیی‌و ئەو پۆلە ئەنفالکراوانەی تر شایدی ئەوەن کەئەنفال لەعەشیرەتی ئاکۆ هەیە، ئەحمەد ئاواتە خوازە کەرۆژێکیش بێت چۆن کەسەرکردەکانی رژێمی بەعس دادگایی کران ئاواش سەرکردە کوردەکان‌و ئەوئاغایانەی کەدەستیان لەئەنفالکردنی کوردا هەبووە لەبەردەم دادگا بیان بینێت‌و بەسزای هەق بگەن، چونکە پێیوایە کەئەگەر ئەوان نەبوونایە عەرەبی بەعس نەیدەتوانی ئەوو هەزارانی وەك ئەو بیٚ باوك بكات، ئەحمەد دەڵێت" ئەوەیەکەم جارە کەکەسێك هاتبێت لەخەمی ئێمە بکۆڵێتەوەو لەسەر ئەنفالەکانی ئێمە بنوسێت بۆیە خۆشحاڵم‌و تێدەگەم کە جگەلەمن کەسانی تریش هەن کەخەم بۆ ئەنفاڵ دەخۆن‌و لەماناى ئەنفال دەگەن".

تاوس مستەفا دایکی علی برایمی تەمەن ٢٢ساڵە کەلەلایەن رژێمی بەعس لەگەل گروپی ١٦کەسەکە ئەنفالکران دەڵێت" کورەکەم لەگەڵ عەباس بەناشارەزایی بوو بەپێشمەرگە دواتر ناردیانەوە کەهاتەوە برایم ئاغا بەڵێنی پێداین کەدوای دوورۆژ بینێرێتەوە بەلاٌم دوای ١٥رۆژ چووم لێم پرسی ووتی "برۆ ناردومەتەوە منیش ووتم نەهاتۆتەوە یەکسەر لێم تورەبوو"، تاوس مستەفا هێما بۆ یەکێك لەئاغاکان دەکات کەپارەیەکی زۆری لێوەرگرتوون بۆئازادکرنی کورەکەی‌و دەڵێت "هەموو ماڵم لەپێناو دۆزینەوەی کورەکەم سەرفکرد بەلاٌم بێ سودبووو ئەنوەرئاغای بێتواتی پارەیەکی زۆری لێوەرگرتین و یەك شتی بۆنەکردین‌و هەمووسجنەکانم کردن بەلاٌم کورەکەم نەدیتەوە" دەربارەی ژیانی ووتی" ئێستا بەتەنیا دەژیم‌و ژیانم تابڵێی ناخۆشە، ئەوەندەگریام بۆکورەکەم چاوەکانم لەسەر دانان‌و بەناچاری توشی نەشتەرگەری بووم‌و ئێستاش لەسەر ئەو نەشتەرگەریە قەرزدارم، بۆیە داواکارم کەحکومەت ئاورێکم لێبداتەوەو قەرەبوومان بکاتەوە".

بەفرین خوشکی ئەشرەف حەمەبایزی تەمەن ١٦ساڵانە کەلەگەڵ هاورێکانی ئەنفال کراوە بەفرین ووتی" ژیانی ئێمە ناخۆشەو براکەم موچەیەکی زۆر کەمی هەیەو وەك ئەنفال حساب نەکراوە، دوو رۆژ لەدوای گەرانەوەی گرتیان‌و ئێستاش نەماندیتەوەو زۆر هەوڵمان بۆ دۆزینەوەیدا بەلاٌم بی ئەنجام بوو، داواکارم کەحکومەت قەرەبوومان بکاتەوەو براکەم وەك ئەنفال حساب بکەن‌و موچەکەی زیاد بکەن، ئەو رۆژەی کەراپەرین

کرا کەدایکم چاوی بەپێشمەرگەکەوت لەتاو کورەکەی یەکسەر مرد، کەواتە براشم ڕۆیشتو دایکیشم ڕۆیشت".

چیرۆکی عبدالله محمدو ئایش مینە حسێن کەهاوسەری یەکتر بوون جیایە لەچیرۆکی ئەو ١٦کەسەی تر، کەتەنیا محمدی تاقانەیان لەدوای خۆیان جێهێشت ئەو دەربارەی چیرۆکی ئەنفالکردنی دایکیو باوکی ووتی" لەبەرواری (١٩٨٨/١٠/١٢) لەئێران دەهاتنەوە کەپێشتر حکومەتی بەعس عافواتی دەرکردبوو لەبازگەی سونێ دەستگیرکرانو دواتر گواستراونەوە بۆفیرقەی چوارقورنە کەتائێستاش سۆراغیان نەماوەو چەندین سجنم کردوون بۆدۆزینەوەیان بەڵام دیارنەبوونو دواجار لەسلێمانی پێیان گوتین کەئەوان ئەنفال کراون" دەربارەی ژیانیان محمد ووتی" ژیانمان زۆرناخۆش بوو چونکەی ئەوەی هەمان بوو بەدایكو باوکم بوو کەنزیکەی ٣٦ملیۆن تومەنو ١٠مسقاڵ زێریان پێ بووە ئەوەندەی من بزانم، چەندین جار سەردانی وەزارتم کردوەبەڵام بێ سوود بووەو ئێستاش هیچم بۆنەکراوەو وەك هاوڵاتی حسابیان بۆکراوە، بۆیە داواکارم کەحکومەت قەرەبوومان بکاتەوەو هاوکاریمان بکات".

جگە لەمانەش ٦ ئەنفالی ترلەو شارۆچکەیە هەیەو ئێمە توانیومانە کەناوی پێنج کەسیانمان دەست بکەوێت کەئەوانیش (حاجی ئاغا بایزو عبدالله ئاغا عبداللهو خالد ئەحمد عبداللهو مارف ئیسماعیل خدرو قادر خدر حمد) چیرۆکی ئەوانەش جیایە لەو کەسانەی تر کەباسمان کردن، یەکێك لەدایکەکانی حاجی ئاغا بایز کەئێستا ئەرکی بەخێوکردنی دوو لەمنداڵەکانی گرتۆتە ئەستۆ ووتی "حاجی لەسەر کاری سیاسی دەستگیر کرا لەگەڵ پێنج کەسی ترو حاجی کورم دوو ژنی هەبوونو ٦ منداڵی لەدوای خۆی جێهێشتوونەو دوو لەکورەکانی دوای دەستگیرکردنی باوکیان لەدایکبوونە کەئێستا منداڵەکانی هیچ لەبارەی باوکیان نازاننو تەنیا بەوێنە باوکی خۆیان دیتوەو هەمیشە بەنائومێدی ژیان بەسەر دەبەنو تائێستا هیچ شتێك بۆمنداڵەکانی نەکراوەو داواکارم کەقەرەبوومان بکەنەوە چونکە ئەوان لەسەر کوردایەتی ڕۆیشتوونو پارەیەکی زۆرمان ڕۆیشت بۆدۆزینەوەیان بەڵام بێ سود بوو، باوکی حاجی لەتاو ئازاری بۆکورەکەی توشی شێرپەنجە هاتو دواتر بەو شێرپەنجەیە سەری نایەوەو چاوی بەکورەکەی نەکەوتەوە بۆتەنیا یەك چرکەش کەهەموو ئاوتی بوو کورەکەی ببینێتەوە".